# ڕیفراندۆم : پرۆژەیەك بۆ یەكگرتنەوە و ئاشتبوونەوە

## (پرۆژەیەك بۆ بنیاتنانەوە و پاراستنی ئەزموونەكەمان)

خەسرۆ پیربال ... فینلەندا

سازدانی ڕیفیراندۆمێك لەسەر چارەنووسی باشووری كوردستان، لە كاتێكی وەكوو ئەمڕۆدا و لە ئەنجامی پرۆژەیەكی گەڵاڵەكراو، لە لایان ڕۆشنفكرانی كورد، مایەی دڵخۆشی و دەستخۆشی لێكردنیانە، بەتایبەتی پاش ئەوەی خوودی ڕۆشنبیران و نووسەران تووشی ڕەشبینی و دوورەپەرێزی هاتبوون، لە ناو كۆمەڵگای كوردستانیدا هەمیشە تۆمەتی ئەوەیان لە پاڵدەنرا، كە ڕۆشنبیرانی كورد، هیچ ڕۆڵێكی كاریگەری خۆیان نیە لەسەر هەموو ئەو مەسەلە چارەنووسسازانەی ئەمڕۆكەی كوردستانی باشووردا بزرن و دوورەپەرێزن. .

.

دیارە ئەم پێشنیارە، شایستەی ئەوەیە كە قەبووڵ بكرێت قسەی لەسەر بكرێت، بەتایبەتی سووپاسی ئەوانە بكرێت كە بە ئامادەكردن و نووسینی چەند زنجیرە وتارێكدا لە ژێرناونیشانی (هەقمانە ئەگەر نێگەران بین) و (ڕیفێراندۆم بۆ ؟) (ڕیفێراندۆم دیسانەوە) لە دەزگاكانی ڕاگەیاندنی یەكیێتی نیشتیمانی كوردستاندا لە سولەیمانی بلاوبۆتەوە، هەروەها كەناڵی كوردسات، ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2003/7/28، بەرنامەیەكیان بۆ شاعیر شێركۆ بێكەس سازدا، تییایدا شاعیر، بە شێوەیەكی چڕوپڕ باسی لەو پرۆژەی كردو هەتا ئاستێكی باش و ڕوون پرۆژەكەی ڕوونكردەوە (1)

.

بە خوێندنەوەی هەموو ئەو بابەت و ووتارانەی دەربارەی ئەم پێشنیارەدا و زیاتر تێگەیشتنمان بۆ ئەم پرۆژەیە، هەندێك سەرەنج و تێبینم لە لا درووست بوون و بە پێوویستم زانی گەرماو گەرم بەیانیان بكەم:

پێشەكی دەمەوێت لە دڵەوە دەستخۆشی و سووپاسی ئەو كەسانە بكەم كە بە نووسین و ئامادەكردنی ئەم پرۆژەیە هەڵساون، كاریان بۆ كردووە و دەیكەن، دیارە دەسپێشخەریەكی زۆر پیرۆزە، لە كاتێكی هێندە هەستیاری میللەتی كورد و بارودۆخی ئەمڕۆكەی ناوچەكەو و عیراقدا، بتووانن پرۆژەیەك و پێشنیارێكی ئەوها سازبكەن و كاری بۆ بكەن، تەنها هەروەكوو بەڕێز شێركۆ بێكەس لە بەرنامەكەی خۆی (ڕۆژی 2003/7/28 لە كەناڵی كوردسات) جەختی لەسەر كردەوە، كە ئەم پێشنیارە لەلایان هەندێك لە نووسەرو ڕۆشنبیران و ئەكادیمی و پارێزەرانی شاری سولەیمانی – سازكراوە و ئامادەكراوە !!؟.

تەنها تێبینمان لەسەر ئەم جەختە لەسەركردنەوەیە، ئەوەیە وە ئومێدەواریشم كە برادەران و بەڕێز شێركۆ بێكەس بە دڵێكی فراوانەوە لێمی قەبووڵ بفەرموون، ئەمەیان ڕەخنەیەكی پۆزەتیڤە دەكرێت بە كردەوە بیگۆڕین:

بۆ پرۆژەیەكی ئاواهی و هێندە چارەنووسساز و گرینگ، پرۆژەو پێشنیاری (تەنها) نووسەران و ڕۆشنفیكرانی شاری سوولەیمانی بێت ؟ وەكوو ئەوە بێت لە شارەكانی تری كوردستاندا نووسەرو ڕۆشنفیكران نەبن !، لە كاتێكدا دەكرا، پێش گەڵاڵەكردن و نووسینی بابەتەكان و بڵاوكردنەوەیان، پەیوەندیان لەگەڵ یەكیێتی نووسەرانی كوردی لقی هەولێر و دهۆك و خانەقین و دەزگاكانی ڕۆشنبیری شاری كەركوك بكردابایە، وەكوو پرۆژەیەكی سەرتاسەری ڕۆشنفیكرانی كوردی كوردستانی باشوور (هەرێمی كوردستانی عیراق) بڵاوكرابایەوە، ئەو كاتەش، پێشنیارەكە هێزێك و گوورێكێكی تری بە خوودی نووسەران و ڕۆشنبیرانی سەرجەم كوردستان دەدا، پاشانیش بۆ كارو چالاكییەكانیش باشترو كاریگەرتر دەبوو.

لەگەڵ ئەوەش ئێستاش دەكرێت كار بۆ ئەو مەسەلەیە بكەن، سەفەرو پەیوەندی بە شارەكانی تری كوردستان بكرێت بۆ ئەو مەبەستە، هەروەها هەستدەكرێت كە نووسەران و ڕۆشنبیرانی دەرەوەی وڵاتیش فەرامۆشكراون، لەكاتێكدا، بە دڵنیاییەوە، وە كاك شێركۆ بێكەس باش دەزانێت كە خەڵكانێكی زۆری دەرەوەش زۆر بە چالاكیی و دڵسۆزیەوە، بە ڵكوو هەندێك جار زۆر بە تووندترو دژووارتر و ئاگادارتر لە خەمەكان و ئازاری میللەتی كورد، لە هەندەرانەوە، بە پەرۆشەوە بەدەنگ ئەم جۆرە پرۆژانەوە دێن، ڕۆژانە ئەگەر سەیری ماڵپەڕە كوردیەكانی دەرەوەی وڵات بكەیت، بۆ نموونە :

(کوردستان نێت، کوردستان پۆست و، سایتی دەنگەکان، نووسەری کورد، گەلێك لە ماڵپەڕی تر) ، بە لێشاو، خەڵکانی بەرپرسیارو ڕۆشنفیکرو دڵسۆزی میللەتەکەمان، بابەت و وتاری جۆراوجۆر بڵاودەکەنەوە' کە هەتا ئاستێکی زۆریش هەمان بیرو بۆچوون و خەم و نیگەرانیەکانی ئێوەی بەڕێزیان هەیە، ئێوەی خاوەن زنجیرە وتاری : هەقمانە ئەگەر نیگەرانبین) .

ئەمڕۆکە، بەیانکردن و گفتوگۆکردنی ئەم جۆرە پێشنیارانە، لەلایان ئەهلی قەڵەم و توێژی ڕۆشنفیکرانی میللەتەکەمان، لەکات و ساتێکی هێندە پڕ مەترسی و چارەنووسسازدا، لە وڵاتێکی بێ حکومەتی وەکوو عیراق و لە کوردستانێکدا، کە چاوەڕوانی گەلێك ئەگەری جۆراو جۆر دەکات و لە ناوچەیەکی هێندە تایبەتی وەکوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، شایستەی ئەوەیە، هەندێك بە ووردی لەسەری بووەستین.

ئەم پێشنیارە، شایستەی ئەوەیە نەوەکوو سەرجەم ڕۆشنفیکرانی کوردستانی باشوور کاری لەسەر بکەن، پاشان پەسەندی بکەن، بەڵکوو دەکرێت، بە شێوەیەکە بەربڵاو کاریگەرترو چالاکتر لەدەرەوەش و لەبەشەکانی تری کوردستانیش، بۆچوون و گفتووگۆی لەسەربکرێت، دەنگی هەموو لایەکیان بۆ کۆبکرێتەوە، هەروەها ئەم بیرۆکەیە، دوو جۆرە کاریگەری گەورەی دەبێت و لە کۆمەڵگای کوردستانیدا، زەمینەی دوو جۆر لە ئاشتبوونەوەمان بۆ ساز دەدات و خۆش دەکات :

1 / ئاشتبوونەوەیەکی سەرتاسەری (ناوەخۆیی) توێژی ڕۆشنبیران و نووسەرانی میللەتەکەمان، بەتایبەتی لە کوردستانی باشووردا، دیارە ماوەیەکی درێژە بە هۆی بارودۆخی ناوچەکەو حالەتی دابەشبوون و دوو جەمسەری و سێ جەمسەریدا !!، توێژی نووسەران و ڕۆشنفیکران دابەشبوونێکی گەورەیان بەسەرهاتووە، لەبەر ئەوە، ئەم پێشنیارە ئەگەر بێت و ببێتە پرۆژەیەکی سەرتاسەری هەموو نووسەران و ڕۆشنبیران و ئەکادیمیەکانی میللەتی کوردی باشوور، ئەوکاتە بەهەقیقەت، پرۆژەکە دەبێتە مانیفیستۆیەکی گرینگ، هەموومان کۆدەکاتەوە و یەکمان دەخات، . بۆ ئەم مەسەلەیەش، پێشنیاری کۆبوونەوەیەکی گەورە دەکەین لە شاری کەرکووك، هەموومان، هەموو نووسەرو ڕۆشنبیرانی میللەتی کورد، لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا لە دەزگایەکی فەرهەنگی وەکوو دەزگای شەفەق، یان یەکێیتی نووسەرانی کورد لە کەرکوك، کۆبوونەوەیەکی گەورە سازبکرێت، تێیدا ئەم پرۆژەیە زیاتر و باشتر گەلاڵە بکرێت، بۆ ئەوەی جگە لەوە کە ئەم پێشنیارە ببێتە هەوێنی یەکگرتنەوەی یەکێیتی نووسەرانی کورد و یەکبوونی ڕیزەکانیان، بەڵکوو دەکرێت ئەم پێشنیارە باشترو چاکترو ڕوونترو کاریگەرتربێت.

/2 – جۆرێکی گرینگی تری ئاشتبوونەوە، (ئاشتبوونەوەیەکە لە نێوان توێژی ڕۆشنبیران و دەسەڵات) : ئەم ئاشتبوونەوەیەش بۆ کاتێکی وەکوو ئەمڕۆدا زۆر پەسەندە، لەبەرژەوەندی کێشەی میللەتەکەماندایە، زۆر کۆنەو نوێ نیە، کە کێشەیەك هەیە لە نێوان دەسەڵات و خەڵکی ڕۆشنبیر و ئەهلی قەڵەمدا، ئەم جۆرە پێشنیارانە کە ڕاستەخۆ کاریگەریان دەبێت لەسەر دەسەڵات سیاسی کورد و بڕیاری سیاسی، هێزێك و گوڕێك دەداتە بەرپرسیارانی سیاسی ( Political Responsable)، بەمەش هیچ جۆرە دابڕانێك و کێشەیەك کە لە ئەنجامی جیاوازی و هەبوونی بیروبۆچوونی جیاوازدا لەنێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیراندا، هەتا ئاستێکی ترسناك و هەتا هەتایی نامێنێتەوە، بەتایبەتی بۆ کێشەی میللەتی کورد، لەوانەیە بۆ میللەتانی تری دوونیا، ئەم کێشەیە ئەزەلی وبەردەوام بێت، بەڵام زۆر دڵنیا نیم لەوەی کە ئەرکی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد ئەوەبێ کە کێشەکانیان هەمیشە بەردەوام بێت و لە هەڵکشانداببێت لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی، بەردەوام ئەرکی دژایەتیکردنیان هەبووبێ، بەتایبەتی دەرهەق بە جوانترین و گرینگترین ئەزموونی حوکمداری کوردی و ئەزموونی 12 ساڵەی خۆبەڕێوەبردنی کوردی، لەگەڵ ئەوەش بێگوومان، ئەزموونێکە دەکرێت باشتر کاری بۆ بکرێت و زیاتر خزمەتی میللەت و وڵاتی پێ ئاوەدانبکرێتەوە.

ئەم پێشنیارە چارەنووسازانە، بەتایبەتی لەلایان خەڵکی ڕۆشنبیران و پێشڕەوانی میللەتەکەماندا سازکرابێ و کاری بۆ بکرێت، بێگوومان، دەنگدانەوە و کاریگەری خۆی دەبێت، من دڵنیام لەوەی کە ڕاستەخۆ کاریگەری دەبێت لەلایان دەسەڵاتدارانی کوردییەوە، ئەمەش بە کارێکی پۆزەتیڤ دادەنرێت، لەوانەیە سازدانی ڕێفێراندۆمێك دەربارەی بڕیاردانی

www.kurdistannet.org
30-7-2003 1:39

چارەنووسی ئەم بەشەی کوردستان، بەتایبەتی لەوانەیە ئەنجامێکی هەبێت، کە بەشی هەرە هەرە زۆری خەڵکانی دانیشتووی ئەم بەشەی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا بن، کە چیتر لەژێر ئالای ولاتی عێراقدا نەبن، سەربەخۆی خۆیان بەدەست بێنن.

دیارە لە راپرسیەکدا ساڵی 1992، بنکەیەکی لێکۆڵینەوەی کوردی ( Kurdish Life)لە ئەمریکا سازی داوە :

لەوەلام وراپرسیەکدا دەربارەی پرسیاری ئەوەی : ئایا لەگەڵ ئەوەدای کە دەوڵەتی کوردستان لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا سازبکرێت ؟

وەلامەکان بەم شێوەیە بووینە :

100٪ کوردەکانی کوردستانی تورکیا و سوریا – بەڵێ –

99٪ کوردەکانی کوردستانی عێراق – بەڵێ –

67٪ کوردەکانی کوردستانی ئێران – بەڵێ –

بە رێژەی 95٪ کوردەکان، ئامادەیی خۆیان بەیان کردووە بۆ ئەوەی تێبکۆشن بۆ ئەوەی کوردستانێکی سەربەخۆ وەدەستبهێنن. (2)

دیارە ئەم راپرسیە ساڵی 1992 ئەنجامدراوە، دیارە ئەمرۆکە پاش ئەو هەموو گۆرانکاریانەی ناوچەکە و عێراق، رووخانی یەکجارەکی رژێمی عێراق و هاتنەناوەوەیی لێشاوێکی نوێی فیکری و سیاسی بۆ کوردستان و ناوچەکە، پاش ئەوەی میللەتی کورد لە ئەزموونێکی هێندە گرینگی خۆبەرێوەبردندا، کە لە لایان دۆست و هەتا هەندێك لە دووژمنەکانیشماندا بوتە مایەی سەرسوورمان، من دلنیام ئەگەر هەمان راپرسی و رێفێراندۆم دیسانەوە سازبکرێتەوە، 100٪ میللەتی کورد لە هەر لایەکی دوونیاوە دەنگ بۆ سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەدەن، ئامادەن کاری بۆ بکەن. .

لەم چارچێوەیەدا، سازدانی رێفێراندۆمێك دەربارەی چارەنووسی کوردستانی باشوور، ئینجا هەر ئەنجامێکی هەبێت، لە بەرژەوەندی ئەزموونەکەمان و لە بەرژەوەندی بریاردەری سیاسی کوردستاندایە، چۆن و لەبەرچی ؟

دیارە زۆرن لەوانەی پرسیارێکی گرینگ دەکەن، حەقیانە بلێن، ئەنجامی ئەم جۆرە رێفێراندۆمانە، ئەمرۆکە و لە واقیعی سیاسی و چالاکیەیانی پارتە سیاسیەکانی کوردیدا، رێك پێچەوانەی یەکترن و یەك ناگرنەوە، ئایا ئەنجامی ئەم رێفێراندۆمە، توێژی رۆشنفیکران و سەرجەم میللەتی کورد لە باشوور، رووبەروناکەنەوە لەگەڵ دەسەلاتی کوردی و سەرکردەکانی کورد و سیاسەتەکانیان ؟

لەوەلامی ئەم پرسیارە رەوایەدا، من لەو قەناعەتەم کە تەواو بەپێچەوانەوە، بەڵکوو سەرەتا، جۆرێك لە ئاشنابوونەوەی شەقامی کوردی لەگەڵ دەسەلات و پارتە سیاسیەکاندا دێتەئاراوە، دیالۆگێکی بەرپرسانەو بەشداربوونێکی پێوویست ئەنجام دەدرێت، کە هەر یەکە لە هاولاتیان و بەرپرسی سیاسی و دەسەلات پێوویستیانە، بەتایبەتی ئەمرۆکە کە پارتە سیاسیەکان پێویستیان بە پالپشتی و یەکدەنگی و رێکخستنی ریزەکانی میللەتی کورد هەیە، لە هەولێر و لە بەغدا، وەکوو پالپشتێکی مەعنەوی گەورە، دەرئەنجامیئەم رێفێراندۆمە کاریگەریەکی زۆر پۆزەتیڤی دەبێت.، ئەگەر لە ئاستێکی تەکتیکی کووردتدا چاوی لێبکرێت، لە بەغداوە نوێنەرانی میللەتی کورد لە ئەنجوومەنی دەسەلاتی عێراقیدا، دەکرێت ئەنجام و خواستی میللەتی کورد لە کوردستانی عێراقدا، بەوەی کە رێژەیەکی زۆری هاولاتی کورد، داخوازی ئەوەیان هەیە کە سەربەخۆبن، دەوڵەتێك لە کوردستانی باشووردا دابمەزرێنن، بەلام دەکرێت ئێمە لەناوەخۆمان بکەوینە دیالۆگێك و لەناو ماڵی کوردیدا رەچاوی بارووودۆخی ناوچەکەو بەشەکانی تری کوردستان بکەین، بۆ ئەمرۆی نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەراست، چارەسەری فێدێرالیزمی جوگرافی بە شایستەی میللەتەکەمان ببینین، ئەو کاتە بەبۆچوونی من، هێزو گوری دیالۆگی نوێنەرانی کورد لە بەغدا بەهێزترو بە تواناتر دەبێت، لەبەرئەوەی شەقامی کوردی و بیورای هاولاتیانی کوردستان بەشێوەیەکی راستەخۆ بەشداری لە بریاری سیاسی دەکەن لە دارشتنەوەو نووسینی دەستوور و

www.kurdistannet.org
30-7-2003 1:39

تێڕوانینێکی ڕاستەقینە بۆ وێنەی عیراقی ئاییندە، شوێنی کورد لەو عیراقە نوێیەدا و چارەنووس و سەربەخۆیی میللەتی کورد لە کوردستانی باشووردا، هەروەها چارەنووسی ئیدارەی کوردی و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دەربارەی دەرەنجامی ئەم جۆرە ڕێفێراندۆمە، بەدڵنیایەوە ئەمڕۆی کوردستان و پاش ئەزموونێکی ئازادی سیاسی 12 ساڵە و بوونی دەسەلاتێکی کوردی و بنیاتنانەوەی ولات، سوودوەرگرتن لە بڕیاری نێودەوڵەتی 986، گەلێك لە بووارەکانی ژیان و ئاوەدانکردنەوە پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیووە، بە دڵنیایەوە، لەهەر هاولاتیەکی کوردی ناوەوەو دەرەوەی ولات بپرسی : چۆن چارەنووسێکت دەوێت بۆ کوردستان ؟ وەلامێکی ڕوون و ئاشکرامان بەرەوروودەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەر کوردێك ئاواتیەتی و لە دڵەوەش پەسەندی دەکات.

<u>ئەگەر بێت باس لە بەرپرسانی کوردیش بکەین، ئەوە لە سەرووی هەموویان سەرۆك مەسعوود بارزانی، چەندین جار ڕاستەخۆ و بە ڕاشکاوی دووپاتی کردۆتەوە لەوە کە : میللەتی کورد شایستەی ئەوەیە کە دەوڵەتێك و سەربەخۆیی خۆی هەبێت، بەلام ئێمە ئەمڕۆکە و بۆ بارووددۆخی ئەمڕۆکەی ناوچەکەو میللەتەکەمان، سیستەمی فیدێرالی بە سیستەمێکی چاك و چارەسەر دەزانین) (3)</u>

. .

هەروەها بەڕێز جەلال تالەبانی، لە دووایین سەفەری خۆی بۆ چەندین ولاتانی ئەوروپا، هەمیشە ئەو سیاسەتەی پەسەند کردووە کە چارەسەری میللەتی کورد لە باشووری کوردستان.، لەوەدایە کە لەناوچوارچێوەی عیراقدا بمێننەوە، فیدرالی بۆ دەستەبەربێت (4) هەروەها ئەم سیاسەتە و ئەلتەرناتیڤەش، هەر لە ساڵی 1992 پەرلەمانی کوردستان، بەیەکدەنگی بڕیاری خۆی لەسەرداوە.

ئەمڕۆکە بوونی هێزە کوردیەکان، وە بەشداریان لە بڕیاری سیاسیدا، هەروەها بوونی سەرکردەکانی کورد لە ئەنجوومەنی دەسەلات لە بەغدا، ڕۆلێکی گەورەی خۆی هەیە، هیچ کام لەو ئەندامانەی تری ئەم ئەنجوومەنە، نە هێندە بەدەسەلات و نە هێندە بە ئەزموونن، هیچ لەو ئەندامانەی تریش هێندەی بەڕێزان سەرۆك بارزانی و جەلال تالەبانی شایستەی ئەوەن نەوەکوو ئەندامێك، بەڵکوو وەکوو سەرۆك بۆ ئەو ئەنجوومونە هەڵبژێردرێن.

گرفتێکی تری ئەم پێشنیارە لەوەدا دەبینرێت کە : ئەگەر بێت ولە گۆشەنیگایەکی ترەوەش سەیری دەرەنجامی ئەم ڕێفێراندۆمە بکەین، یان بلێین کوردستانیانە، لە دیاربەکرو لە مەهابادەوە سەیری ئەم مەسەلەیەبکەین، بە ڕاشکاوانەوە و زۆر بە سادەیی دەڵێم : ئەگەر بێت کوردستان سەربەخۆبێت، دەبێت دیاربەکر قامشلۆو مەهابادیشی لەگەڵ بێت !، ئەگینا چۆن دەکرێت دەوڵەتی کوردستان تەنها کوردستانی باشوور بێت ؟ ئەی چارەنووسی بەشەکانی تری کوردستان چۆن ؟ ئەوکاتە لە داهاتوودا هەر یەکێك لەو بەشانەی تریش، ئەوانیش دەبنە دەوڵەتی کوردستان و لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا چوار دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێن ! لە کاتێکدا، وە بە دڵنیایەوە خەونی هەمووەمان، دیسانەوە هەموومان ئەوەیە، کە یەك کوردستانی گەورەی ئازادو سەربەخۆ بێتە کایەوە و، میللەتی کوردیش وەکوو میللەتانی تری دوونیا ببنە خاوەن یەك دەوڵەتی سەربەخۆ، تییایدا هەر چوار بەشە لێکترازاوەکەی کوردستان، یەکتربگرنەوە و بەیەکتر شاد ببنەوە.

لەبەر ئەوە بە بۆچوونی من، سازدانی ڕیفێراندۆم دەربارەی چارەنووسی کوردستانی باشوور (هەرێمی کوردستانی عیراق) ، لە ئاستێکی تەکتیکی هەنووکەیی دەرەنجامێکی باشی دەبێت، چۆن ؟

- شەقامی کوردی و توێژی ڕۆشنبیران بەشداردەبن لە بڕیار و چارەسەری سیاسی کێشەی میللەتی کورد لە بەغدا، بە تایبەتی ئەمڕۆکە، لیژنەیەکی پێکهاتوو خەریکی داڕشتنەوەو نووسینی دەستوورن بۆ دەوڵەتی عیراق، وە ئەم مەسەلەیە زۆر گرینگە کە پاڵپەستۆو وجوودی کورد و سەرکردە کوردەکانمان، هێزێکی باشی دیالوگ و جەختکردنەوەیان لە لا درووست دەبێت، لەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی، هەر تاکێکی میللەتی کورد لە کوردستانی عیراق، سوورن لەسەر ئەوەی کە هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە بەدرێژایی ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنان بەدەستیان کەوتووە، ئەمڕۆکە لەو گۆڕانکاریە گرینگانەی عیراق و کوردستاندا، بە هیچ شێوەیەك ئەوە قەبوول ناکەن، کە مافی میللەتی کورد، سەرلەنوێ پێشێل بکرێنەوە، وە بۆ ئەم مەسەلەیەش و وەکوو گەرەنتیەك، دەبێت زۆر بە ڕوونی لەناو

دەستووری نوێی عێراقدا مافەکان و شێوازی حوکم و ستاتووی کورد ڕوون و ئاشکرا بکرێت، لەناو چوارچێوەی عێراقێکی ئازاد و دیموکرات و فیدێراڵدا.

ئەم شەرە پیرۆزەیە کە دەبێت ئەمڕۆکە هەر کوردێکی دڵسۆز بیکاتە بەرنامەی خۆی، بۆ ئەوەی زیاتر و باشتر، ئەوەی بە درێژایی مێژووی خەباتی کوردایەتی وسەرجەم شۆڕشەکان کاری بۆ کراوە، وە ئەوەی ماوەی 12 ساڵە، هەتا ئاستێکی باش لە شێوەی دامووەزگای کۆمەڵایەتی و سیاسی دامەزراوە، دەبێت داکۆکی لەو واقیعە بکەین کە هەمانە، بۆ ئەوەی زیاتر بچەسپێن، سەرکەوتووانە بتوانین ژیانێکی باشتر و گونجاوتر بۆ میللەتی کورد لەو بەشەی کوردستان دابین بکەین.

(کاریگەری لەسەر ئاستی ئیستراتیجی) : هەروەها ڕەنگدانەوەی هەر پێشکەوتنێك و تێکشکانێکی ئەم ئەزموونەمان لە کوردستانی باشووردا، ڕاستەوخۆ، ڕەنگدانەوەو کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر (پرۆسەی بە دیموکراسیکردنی وڵاتانی تری ناوچەکە) ، وە بە شێوەیەکی تایبەت، کاریگەری دەبێت لەسەر سیاسەت و شێوازی تێڕوانینی وڵاتانی وەکوو کۆماری سوریای عەرەبی و ئێران و تورکیا، بۆ کێشەی میللەتی کورد لە چوارچێوەی سنووری وڵاتەکانی خۆیان.،

ئەگەر بە شێوەیەکی وورد بەراووردی باروودۆخی ئەو بەشانەی تری کوردستان بکەین، من دڵنیام کە لە ساڵی 1991 هەتاوەکوو ئەمڕۆکە، گەلێك لە گۆڕانکاری گرینگ و هەستیار بەسەر تێڕوانین و مامەڵەکردنیان هاتووە لەگەڵ (کێشەو دۆسیەیی کوردەکانیان) ، ئەوەش شانازییەکە بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردەکانی باشوور. . .

زۆر شادوومانم کە توێژی ڕۆشنفیکران و ئەهلی قەڵەم، لە ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا، بەهەر شێوەیەك بێت، ڕاستەوخۆ بەشداربن لە بڕیاری سیاسی و کاری ڕاستەقینەی خۆیان بکەن، پرۆسەکانی گۆڕانکاری ناو کۆمەڵگا، تەنها بە خەڵکی سیاسی ناکرێن، بەڵکوو باشترو چاکترە ئەگەر خەڵکانی ڕۆشنبیرو نووسەریشیان لەگەڵدابن، من دڵنیام دەتووان ببنە تەواوکەری یەکتر و ئەمەش شەرێکی ترەو لەو بابەتەدا مەبەسم نیە زیاتری لەسەر بنووسم. .... !

.

ئەگەر ئامانجمان لە دەوڵەتێکی سەربەخۆیی ئەوە بێت کە تییایدا کۆمەڵگایەك دروست بێت و مرۆڤ، بەهاو شوێنێکی گونجاوی هەبێت، تاکەکانی میللەت ئازاد و بەختیار بن، ئەوە دەبێت بەرنامەی هەمووومان ئەوە بێت : کە چۆن داکۆکی لەو واقیعەی ئەمڕۆکەی کوردستانی باشوور بکەین، چۆ بتووانین ئەزموونەکەمان بەرەوپێش بەرین ؟ سیاسیانە و ژیرانە مامەڵە لەگەڵ دراو مەسەلە هەستیارەکانی ناوچەکە و ڕژێمە سیاسیەکانی وڵاتانی دەوروبەرمان بکەین.

ئەمڕۆکە، ڕۆژێکە، دەبێت هەر یەکێك لە ئێمە، بەردێك هەڵبگرین و دیوارێکی ماڵی کوردی پێ هەڵگرینەوە و چاك بکەینەوە، داکۆکی بکەین و سوور بین لەسەر مافەکانمان، ئیش بۆ چەسپاندنی دەستکەوتەکانی ئەو 12 ساڵە بکەین کە حکومەتی کوردستان سەرکەوتووانە، هەتا ئاستێکی بەرچاو، بەڕێوەبەرایەتی میللەتی کرد، ئەزموونەکەشمان وەکوو نموونەیەکی سەرکەوتوو لە کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکاندا باس دەکرێن، وە لە ئاستی عێراقدا، وەکوو نموونەیە بۆ عێراقی ئاییندە باسی لێوەدەکرێت.

ئەمڕۆکە کورد لە کوردستانی باشووردا، یەکەمین وانەی دیموکراسی و فراوانبوونی ئاسۆی سیاسی و ئەلفوبێ ی یەکترقەبوڵکردن و چەمکی ئازادی، فێری میللەتانی تری عێراق وناوچەکە دەکەن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ماناو شانازییەکی زۆرە بۆ میللەتەکەمان.

هلسنکی – 2003/7/27

خەسرۆ پیربال
Pirbal@hotmail. com

سەرچاوەکان :

1- هەقمانە ئەگەر نیگەرانیین) ووتاریکە لە لایان دەستەیەك لە رووناکبیرانی کورد نووسراوە، بە شێوەیی زنجیرەی لە رۆژنامەی کوردستانی نوێی و رۆژنامەی هاولاتی بلاوبوتەوە، هەروەها لە هەندیك لە مالپەرەکانی دەرەوەی کوردستان بلاوبۆتەوە – 2003/7/18، هەروەها شاعیر شێرکۆ بێکەس وتاریکی تری بەناونیشانی ڕیفێراندوم بۆ ؟ وە پاشان دیسانەوە ڕیفێراندوم ؟ بلاوکردوتەوە

- بەرنامەی دیدار، کەنالی کوردسات – ئیوارەی رۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی2003/7/28، بەرنامەیەکی بۆ شاعیر شێرکۆ بێکەس سازدا، بەرنامەکە تایبەت بوو بەو پێشنیارەیان دەربارەی ڕاپرسی و مەسەلەی سازدانی ڕیفێراندوم –

2- بنکەی فەرهەنگی کوردی لە ئەمریکا کە ناوی : Kurdish Life، لە ڕارسیەکی تایبەت و ئەنجامەکەشی لە گۆڤاریکدا بلاوکریتەوە لە نیورك سالی 1992، نووسەر خالید یونس خالید، لە وتاریکدا ئاماژەی پیکردووە لەسایتی کوردستان مۆنیتۆر و کوردستان پۆست لە بەرواری 2003/7/26 بلاوکراوەتەوە، لە وتاریکی کە بەزمانی عەرەبی بلاوکراوەتەوە.، بەناونیشانی : القطیة الکردیة فی معادلة الدولیة و دورها فی مستقبل الشرق الاوسط. الاستفتاء یقول بتشکیل دولة کوردستانیة و لکن ؟

3- لیدووانێکی سەرۆك مەسعوود بارزانی لە تەلاری پەرلەمان، بەرواری 2001/4/24، وە هەمیشە لەگەلیك بۆنەکانی بە شێوازی جیاواز دووپاتی کردوتەوە.

4- لیدوانیکی بەریز جەلال تالەبانی سەبارەت بە سەردانەکەی بۆ ولاتانی دەرەوەدا : کوردستانی نوێ ژمارە 3127 لە 2003/7/26

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.